# دەستووری سەرشۆڕی..!

نورەدین وەیسی

کە ڕەشنووسی دەستووری عیراقم خوێندەوە وامدەزانی لە حوسەینیەیەك دانیشتووم وئاخوندێك خوتبەم بۆ دەدا،ئاخر ڕەشنووسەکە هێندە ڕەشە،ئەوەندە تاریکپەرستانە نووسراوە بەزەڕەبینیش بۆی بگەڕێی سادەترین مافی مرۆڤی تێدا نابینیەوە،لەمافی کوردیش هەرگەڕێ کەبەقسەی ئازاد بەرواری 98٪ مافەکانی کوردی تێدایە!،دیارە ئەو مافانەی بەرواری باسیان لێوە دەکا لە کۆپییە کوردییەکەی دەستووردا هاتوون کەسالی سێهەزار وپازدە بلاودەبێتەوە.!

هەقم بەسەر جەلال تالەبانییەوە نییە ،چونکە لای ئەوهەمیشە بەرژەوەندی عەرەب وعیراق لەسەرووی بەرژەوەندی کوردو کوردستانەوەیەو خۆشی ڕاشکاوانە دانیپێدانا کە بەخەونیش بیری لەسەربەخۆیی کوردستان نەکردۆتەوە ،بۆیە حیسابی عارەبێکی کەرکوکی بۆدەکەم، وەلێ داخی هێلە سوورەکانی بارزانیم لەدلدا دەرناچێ , هەر کە گەیشتە ناوچەی سەوزی بەغدایێ هەموو هێلە سوورەکان سەوز بوونەوە..!

هەرچەندە من پێموایە دەستووری عیراق جا ڕەشنووس بێ یا سپینووس تەنانەت ئەگەر بەئاوی زێڕیش نووسرابێتەوە ،هێندەی سووتووی جگەرەیەکیش نرخی نییە ،وەلێ بابزانین ئەو دەسکەوتانە چین کەهەڤالان دەلێن لە بەغدا بەدەستمان هێناون:

- باشووری کوردستان بۆجارێکی تر – بەلام ئەمجارە بە زەواجێکی کاسۆلیکی- لەعیراق مارەکرایەوە ،مافی چارەنووسیش بەپێچەوانەی قسەی هەڤالان لە کولەکەی تەڕیشدا باسی نەهاتووە.
- چارەنووسی  کەرکوك وناوچەکانی تری کوردستان - شیردا بۆ داپیردا- بۆ دووسالی دیکە دواخراو دلنیاشم ئەوکاتیش بۆ چەند سالێکی دیکە دوادەخرێت،ئەگەر تا ئەوکاتە ئەوەی پێیدەلێن (پەرلەمان وحکومەتی هەرێمی کوردستان) نەخرابێتە مۆزەخانەوە.!
- پیشمەرگە بوونە پاسەوان ، یانی پێشدەرگە..!
- سنووری جوگرافی کوردستان نەك هەر دیاری نەکرا بەلکو فیدرالییەکەش بووە فیدرالی ئیداری وبووە فت- رالی..!
- عیراق – بەباشووری کوردستانیشەوە-  بووە دەولەتێکی ئیسلامی و ئاخوندی .

ڤێجا بەبۆنەی ئەو دەسکەوتە دلتەزێنانەوە گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی یەکە بەیەکەی ئەندامی بزووتنەوەی ریفراندۆم دەکەم، هیوادارم زوو پەیوەندی بە بارەگای حیزبەکانیانەوە بکەن تا لەشیرینی خواردنەوەی ئەو سەرشۆڕیانەدا بێ بەش نەبن..!